# گێڕانەوەی رووداو لە شیعرەکانی (کانی)دا


د. شوان سلێمان یابە
زانکۆی سەلاحەدین
کۆلێژی زمان
بەشی زمانی کوردی

عەبدوڵڵا رحمان عەوڵڵا
زانکۆی سەلاحەدین
کۆلێژی پەروەردە/ مەخمور
بەشی زمانی کوردی


## پێشەکی

گێڕانەوە یەکێکە لە هونەرە سەردەمییەکانی ئەم سەدەیەی مرۆڤدا و لە ئەدەبیاتدا شوێن و جێگە و پێگەیەکی دیار و بەرچاوی داگیرکردووە، بێگومان گێڕانەوە زیاتر لە هونەرەکانی چیرۆك و رۆمان و داستان و شانۆ و رۆمانە شیعر و پەخشانە شیعر و... پانتایی کارکردنی بۆخۆی فەراهەم کردووەو بەتایبەتیش لە چیرۆك و رۆماندا کە زەمینەیەی لەباری کارکردن و جوولانەوە و بزاڤی بۆ رەخساوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێك لە توخم و رەگەزەکانی گێڕانەوە لە شیعریشدا بەدی دەکرێت و گەلێك جاران شاعیران لە دەقێکی شیعریدا پەنایان بۆ ئەم هونەرە بردووەو لەرووی تەکنیك و شێواز و بنیادەوە سوودێکی تەواوییان لێکردووە. سەرەڕای ئەمانەش لەگەلێك دەقی شیعری شاعیران توخمێك یان رەگەزێك لە توخم و رەگەزەکانی گێڕانەوە بوونەتە چەقی سەرەکی پێکهێنەری دەقە شیعرەییەکەدا.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دەدەین پێگە و شوێنی گێڕانەوە لەرووی واتا و چەمکەوە راڤەبکەین و توخمێکی گرنگی گێڕانەوە کە رووداوە لە بەشێك شیعرەکانی (کانی)دا دەستنیشان بکەین و رووناکی بخەینە سەر و هەوڵەکانی ئەو شاعیرە لە سوودوەرگرتن لە هونەری گێڕانەوە روون بکەینەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیەمان بۆ دوو تەوەرە دابەشکردووە ، لە تەوەری یەکەمدا لە چوارچێوەی دەروازەیەکی تیۆریدا هەوڵدەدەین گێڕانەوە وەکو مێژوو و واتا و چەمك شیبکەینەوە. لە تەوەری دووەمیشدا رەنگدانەوەی گێڕانەوە لەبەشێك لە شیعرەکانی (کانی) دا دەستنیشان بکەین.

## تەوەرەی یەکەم

### چەمك و واتای گێڕانەوە

گێڕانەوە ئەو گوتنەیە مرۆڤ لە سایەیدا، بیری ئارام دەبێت و هەست بە ئاسودەیی دەکات و زۆر جار دەکەوێتە ترس و دڵەڕاوکێوە و هەندێجاریش کاردانەوەی نابێت، شێوازی گێڕانەوە لە یەکێکەوە بۆ یەکتێکی تر جیاوازە، بۆیە لە گێڕانەوەی ڕووداو لە دەقیشدا ڕێگای جیاجیا هەیە، لەکۆنەوە تاکو ئێستا گێڕانەوە بوونی هەبووە، جا زارەکی بێت یاخود نوسراو، ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنج و گرنگی پێدانە ئەوەیە بزانرێت ئەو شێواز و ڕێگایانە کامانەن نووسەران بەکاریان هێناون لەکاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، چونکە (لەبەردەمیاندا،

تەنها ڕێگایەك نییە، بۆ گێڕانەوە و پێشکەشکردنی ڕووداوە جۆر بەجۆرەکان)[١]، بەڵکو گەلێك ڕێگا هەیە، لەبەرئەوەی پرۆسەیەکی فراوانە، لەدەقدا بەزۆر ڕێگا ئەنجام دەدرێت گرنگترین و باوترینیان دەخەینە ڕوو:
- ڕەخنەگری فۆرمالیزی ڕووس (تۆماشیفیسکی)[٢] شێوازەکانی گێڕانەوەی دابەشکردە سەر دووجۆری سەرەکی، کە بریتین لە: گێڕانەوەی بابەتیobjective و گێڕانەوەی خودی subjective[٣].

١- **گێڕانەوەی بابەتی:** ئەم جۆرە گێڕانەوەیەیە کە، گێڕەرەوە ئاگاداری جووڵەو هەڵسوکەوت و ململانێکانی کارەکتەرەکانە تەنانەت بیرو بۆچوونی شارەوەشیان دەزانێت[٤]، زانیاری دەربارەی ڕووداوەکان و چۆنیەتی سەرهەڵدانیان و ئاڵۆزبوون و کۆتاییەکان و کات و شوێنی ڕووداوەکانی پێیە، بۆیە پێشی دەگوترێت گێڕەرەوەی هەموو شتزان، بەتەنگ ئەوەشەوە نییە پێمان بڵێیت ئەو زانیاریانەی چۆن پەیدا کردووە[٥]، بەجۆرێك هیچ شتێك ڕوونادات بەبێ ئاگاداری ئەو، لەم بارەیەوە(فلۆبێر)ی دەڵێت: ((نووسەر دەبێ وەك خوا وابێت لەگەردووندا، کەس نەیبینێت خاوەن تواناش بێت بەجۆرێکی وا لەهەموو شوێن و جێگایەك هەست بە بوونی بکەین و نەیبینین))[٦].

لەم شێوازەدا وەرگر ڕاستەوخۆ لەگەڵ شاکەس وکارەکتەرەکانی دیکەدا ڕووبەڕوو نابێتەوە، بەڵکو لە ڕێگای گێڕەرەوەی هەموو شتزانەوە ئاشنای بیروبۆچوون و هەستەپەنگ خواردووەکانی دەرونیان دەبێت کەدەبنەهۆی کێشەو گیروگرفتی ناوەکی و دەرەکی بۆیان و لەئەنجامدا ڕووداوی لێدەکەوێتەوە گێڕەرەوە شاکەس نییە، بەڵکو وەکو پردێك وایە لەنێوان کارەکتەر و خوێنەر، ئەرکی گواستنەوە دەبینێت بەم جۆرە شێوەیەکی بابەتی بە دەقەکەدەدات[٧]، واتە بوار بۆ هیچ کارەکتەرێك نامێنێتەوە، گوزارشت لە خۆیان بکەن تەنها لە ڕێی گێڕەرەوەی دەرەکییەوە نەبێت.

لەگەڵ ئەوەدا کە گێڕەرەوەی هەموو شتزان، سەربەستیەکی ڕەهای هەیە لەڕووی زانینی زانیارییەکان و ئامادەبوونی لە هەمووشوێنێکدا، بەڵام لە ڕووی داڕشتنی دەقەکە بە پێی یاسا ئاڵۆزەکانی ناوەوە، دەبێ پەیڕەوی چەند یاسایەك بکات ئەمەش سەربەستییەکی دیاریکراو دەداتە گێڕەرەوەکە و ناهێڵێت بە هەوەسی خۆی پەل بهاوێت و هەرچی بە خەیاڵیدا بێت بیکات[٨].
بەو واتایەی ئەم گێڕەرەوەیە زانیاری تەواوی لایە، بەڵام بەجارێك هەمووی ئاشکرا ناکات، بەڵکو هەنگاو بە هەنگاو زانیارییەکان پێشکەش دەکات[٩].

---

[١] بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، میران جەلال، ل ١٥٦.

[٢] بینای کات لە نموونەی سێ ڕۆمانی کوردی دا (ژانی گەل، شار، ڕاز) نەجم خالید نەجمەدین ئەلوەنی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٧٠.

[٣] تەکنیکی گێڕانەوە لەڕۆمانی(ئێوارەی پەرواتن)، جەلال ئەنوەر، ل١٩٥.

[٤] بینای کات لە نموونەی سێ ڕۆمانی کوردیدا، نەجم خالید ئەلوەنی، ل٧٠.

[٥] بینای هونەری چیرۆکی کوردی ، پەرێز سابیر، ل٢١٤-٢١٥.

[٦] گێڕانەوە لە کۆ چیرۆکەکانی (ئەحمەد محەمەد إسماعیل)دا، پەری سالح، ل ١١.

[٧] بینای هونەری چیرۆکی کوردی، پەرێز سابیر، ل ٢٤٣-٢٤٤.

[٨] بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو، ڕێزان عوسمان، ل ١٥٧.

[٩] بینای کات لە نموونەی سێ ڕۆمانی کوردیدا، نەجم خالید ئەلوەنی، ل ٧٤.

گێڕانەوەی بابەتی لە ڕووی مێژوویییەوە کۆنترین جۆری گێڕانەوەیە، چونکە چیرۆك و حیکایەتە میللییەکان بەم شێوازە گێڕدراونەتەوە، دەرکەوتنی ڕاستەقینەی دەگەڕێتەوە بۆ داستانەکان[١٠] و لەوێوە هاتۆتە ناو ڕۆمانەوە، لەبەر ئەوەیە زۆر جار بەم شێوازە گێڕانەوەیە دەڵێن: تەقلیدی[١١]، داستانی، دەرەکی[١٢]، چونکە لەدەرەوەی ڕووداوەکان دەوەستێ[١٣] و دەستی نییە لە گۆڕین و ئاراستە کردنیاندا.

گێڕەرەوە جێناوی نادیاری (ئەو) بۆ کەسی سێیەمی تاك یان جێناوی (تۆ) بۆ کەسی دووەمی تاك[١٤] لە شێوازی گێڕانەوەی بابەتیدا بەکاردەهێنێت ، زۆر جاریش گێڕەرەوە بەناو هێنانی کارەکتەرەکان گێڕانەوەکەی ئەنجام دەدات.

٢- **گێڕانەوەی خودی:** ئەم جۆرە گێڕانەوەیە تەواو پێچەوانەی گێڕانەوەی بابەتییە، چونکە ((هیچ ڕۆڵێك بۆ گێڕەرەوەی هەموو شتزان ناهێڵێتەوە))[١٥]، لەبەرئەوەی ((گێڕەرەوە دەکشێتەوە دواوە و کارەکتەر لە ڕێی کردارو گوفتارەوە خۆی بە خوێنەر دەناسێنێ، بەمەش کارەکتەر لە گێڕەرەوە جیادەبێتەوە و گێڕانەوەکەش دەبێتە گێڕانەوەی درامی شانۆیی)) [١٦] و (( بە ڕێگەی جێناوی کەسی یەکەمەوە، لەدەرەوەی ڕووداوەکانەوە دێینە ناوەوەی ڕووداوەکان))[١٧] واتە لێرەدا گێڕەرەوە کارەکتەرێکی دیار و بەشدارە لە ڕووداوەکاندا[١٨]، دەستی هەیە لە گۆڕین و ئاراستەکردنیاندا، لە ڕێگەی جێناوی(من)ەوە گوزارشت لە دەروون و کردارەکانی خۆی دەکات و ئەو کارەکتەرانەی کە نزیکن لێی کێشەو گرفتەکانیان دەخاتە ڕوو، و کارەکتەرێکە توانای سنوردارە، وەکو مرۆڤێکی ئاساییەو ناتوانێت لەیەك کاتدا ئاگاداری هەموو جووڵەو هەڵسوکەوت و ململانێیەکان و شکست و سەرکەوتنەکان و خۆشی و ناخۆشیەکانی یەکەیەکەی کارەکتەرەکانی دیکە بێت و لە هەموو شوێنێکدا ئامادە بێت بەبێ ئەوەی ببینرێت، گێڕانەوە لەم شێوازەدا سنوردارە و بەستراوەتەوە بەو شتانەوە کە گێڕەرەوە خۆی دەیبینێ ودەیبیستێ [١٩]، بۆیە پێی دەڵێن: (گێڕەرەوەی هەمان شتزان)[٢٠].

مێژووی (دەرکەوتنی)ئەم گێڕانەوەیە، دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە، کاتێ (گۆستاف فلۆبێری-١٨٢١-١٨٨٠)داوای کرد ڕۆماننووسەکان ڕێ بە کارەکتەرەکان بدەن خۆیان گوزارشت لەهەست و تێڕوانینەکانیان بکەن و ڕووداوەکان بگێڕنەوە و ئەم ڕۆڵە لە گێڕەرەوەی دەرەکی بسێننەوە[٢١].

---

[١٠] بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، میران جەلال، ل ١٥٨.

[١١] تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی، جەلال ئەنوەر، ل ١٩٥.

[١٢] گێڕانەوە لە کۆ چیرۆکەکانی (ئەحمەد محەمەد اسماعیل)دا، پەری سالح، ل ١٠.

[١٣] تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانەدا)، جەلال ئەنوەر، ل ١٩٥.

[١٤] بینای کات لە نموونەی سێ ڕۆمانی کوردیدا، نەجم خالید ئەلوەنی، ل ٧٤.

[١٥] تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)، جەلال ئەنوەر، ل ١٩٦.

[١٦] گێڕانەوە لە کۆچیرۆکەکانی(ئەحمەد محەمەد اسماعیل)دا، پەری سالح، ل ١٠٣.

[١٧] تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)، جەلال ئەنوەر، ل ١٩٦.

[١٨] بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین) و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپیەکان)، سەنگەر قادر، ل ٦٧.

[١٩] بینای کات لە نموونەی سێ ڕۆمانی کوردیدا، نەجم خالید ئەلوەنی، ل ٧٥.

[٢٠] بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین) و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپیەکان)، سەنگەر قادر، ل ٦٦.

[٢١] بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، میران جەلال، ل ١٦٧.

ئەم شێوازە زیاتر لە دەروونی خوێنەر نزیکە، چونکە خۆی ڕووبەڕووی کارەکتەرەکان دەبێتەوە و ئاگاداری کێشەکانیان دەبێت، لەبەرئەوەی کارەکتەرەکان گوزارشت لە خۆیان دەکەن و پێویستیان بە گێڕەرەوەی دەرەکی نییە، ئەمەش وا لە خوێنەر دەکات لە یەك کاتدا بیرو ڕاو جیهان بینینیان بخوێنێتەوە، لەبری یەك بیروڕا و تێڕوانین بۆ شتەکان, بینینی ژیان لە کۆمەڵێك کۆشە نیگاوە سەرنج ڕاکێشترە لەوەی بەتاکە تێڕوانینێکەوە لە ڕووداو شتەکان بڕوانین[٢٢] .

ئەم کارەش فرەدەنگی دروست دەکات (( لەگێڕانەوەی خودییدا بنیاتی جۆراوجۆر و فرەدەنگی و فرەنیگایی دێتەکایەوە و کارەکتەرەکانیش بواریان بۆ دەرەخسێت ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی خوێنەر ببنەوە و گوزارشت لە ناخی خۆیاندا بکەن))[٢٣].

هەروەها گۆشەنیگای ناوەکیش بەکاردێت و ((گێڕەرەوەی هەمان شتزان ڕێژە و ئاستی زانیارییەکەی یەکسانە لەگەڵ کارەکتەرەکاندا))[٢٤]، چونکە تواناکەی سنوردارە، ((ئەم جۆرە گێڕانەوەیە لە گێڕانەوەی ژیاننامەو دانپێدانانەکان دەچێت، زۆر جار تۆمارکردنی یادەوەرییەکانی ڕۆژانەش ئەم شێوە نووسینە دەگرێتەوە))[٢٥].

کاتێك گێڕەرەوە (شاکەس)، لەم گێڕانەوەیەدا، باس لە کێشەی کارەکتەرەکانی دیکە دەکات ناویان دەهێنێت یان جێناو بەکار دەهێنێت, ئەمەش فرەگێڕانەوەی پەیدا دەکات.

یاخود کە باس لە خۆی دەکات جێناوی (من) بەکار دێنێت، بەڵام زۆر جار ئەم جێناوە لەتوانایدا نییە بەرگە بگرێ، بۆیە خۆی دەداتە پاڵ جێناى (ئێمە)، ئەمە لە کاتێکدا ڕوودەدات کە کارەکتەر لە مەترسی نزیك ببێتەوە[٢٦]، بەتایبەت ئەگەر بەتەنها نەبوو لە کارەکەدا و چەند کارەکتەرێکی دیکەی لەگەڵدا بوون.

لەم هێڵکاریەی خوارەوەدا جۆر و ڕێگاکانی گێڕانەوە زیاتر ڕوون دەکەینەوە.

نووسەر = بە گێڕەرەوە ← نادیار ← گێڕەرەوە = گێڕەرەوەی بابەتی

← دیار ← شاکەس = گێڕەرەوەی خودی

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت: گێڕەرەوە لەکاتی گێڕانەوەی دەقدا، دوو جۆرن:

جۆری یەکەمیان: ئەوانەن کە دیارنین، بەڵام هەستیان پێدەکرێت، چونکە لەهەموو شوێنێك ئامادەن بەبێ ئەوەی دەربکەون لە ڕێگای ناو یان جێناوەوە بیروڕاو کێشەو گرفتەکانمان بۆ باس دەکەن کەبەسەر کارەکتەرەکاندا دێن ئەم جۆرە دەچێتە خانەی (گێڕانەوەی بابەتی)ەوە.

جۆری دووەمیان:ئەوانەن کە دیارن و هەستیان پێدەکرێت، چونکە شاکەسن یاخود کارەکتەرەکانی دیکەن و پرۆسەکە بەئەنجام دەگەیەنن، بەم پێیەش گێڕانەوەکە دەچێتە خانەی گێڕانەوەی خودی، بەمەش گێڕەرەوەی (هەمان شتزان) دێتەئاراوە.

---

[٢٢] بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین) و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپیەکان)، سەنگەر قادر، ل ٦٤.

[٢٣] تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)، جەلال ئەنوەر، ل ١٩٦-١٩٧.

[٢٤] هەمان سەرچاوە، ل ١٨٥.

[٢٥] گێڕانەوە لە کۆ چیرۆکەکانی (ئەحمەد محەمەد اسماعیل)دا، پەری سالح، ل ٢١.

[٢٦] هەمان سەرچاوە، ل٢١.

جۆری جێناوەکە پەیوەندی بە گۆشە نیگای* نووسەروە هەیە و لە جۆری گۆشە نیگاکانیش گۆشەنیگای دەرەکی پەیوەستە بە شێوازی گێڕانەوەی بابەتییەوە[٢٧].

گێڕانەوە لە کۆمەڵێك توخم و ڕەگەز پێکدێت لەوانە ( ڕووداو، کارەکتەر، کات، شوێن، مەنەلۆگ، دیالۆگ....هتد) کە هەر یەکێك لەمانە بە بێ ئەودیکە توانای ژیانی نییە و هەموویان بەیەکەوە پەیوەستن، ڕووداو یەکێکە لە توخمە هەرە گرنگەکانی گێڕانەوە و بەبێ بوونی ڕووداو توخم و ڕەگەزەکانی دیکە بوونیان نامێنێ. بۆیە ڕووداو یەکێکە لە توخمە بنچینەییەکانی و پەیوەندیەکی پتەوی بە گێڕانەوە هەیە، بەجۆرێك دەرکەوتن و سەرهەڵدانی هۆکارە بۆ دروستبوونی گێڕانەوە. واتە ڕووداو هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ڕوودانی گێڕانەوە، چونکە ئەگەر گێڕانەوە ڕوونەدات ژانرێك پەیدا نابێت[٢٨].

گێڕانەوە ئەرکی لە دەقدا ئەوەیە ڕووداوێك یان چەند ڕووداوێك بگێڕێتەوە کەبەسەر پاڵەوانێك یان چەند کارەکتەرێکدا هاتوون، کەواتە بۆئەوەی گێڕانەوە ڕووبدات پێویستە ڕووداوێك لەئارادابێت[٢٩]، ڕووداو بەبێ گێڕانەوە بوونێکی ئەوتۆی نییە واتە نابێ بەدەقێکی ئەدەبی، چونکە ڕۆژانە دەیەها ڕووداو ڕوودەدات و تێپەڕدەبێت و دەبینرێت و دەبیسترێت، کەچی نابن بە هەوێنی چیرۆکێك یان ڕۆمانێك، یا هەر ڕەگەزێکی تری ئەدەبی!! ئەویش بۆ ئامادەبوون و نەبوونی بەهرەو توانایەکی کارامەیی هەست ناسك دەگەڕێتەوە، کە بتوانێت کەڵك لەو ڕووداوانە وەربگرێت و بیان مەیێنێت[٣٠].

گێڕانەوە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، نەك وەك تەکنیك، بەڵکو وەکو دیاریدەیەك لەدەقە نائەدەبییەکان بەدی دەکرێت دواتر بۆ ناو ژانرەکان و ئەدەب گوێزرایەوە پاشان لە دەقە هونەرییەکان وەك تەکنیك بەکار هاتووە و ڕەنگیداوەتەوە)[٣١].

گێڕانەوە بەهۆی ئەو زمانەی بەکار دەهێنرێت دوو جۆر:

١-گێڕانەوەی زارەکی: هەموو ئەو گێڕانەوانە دەگرێتەوە کە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بوونی هەبووە و تاکوئێستاش بەردەوامە، وەکو گێڕانەوەی ئاسایی ڕۆژانەی نێوان تاکەکان و .....هتد.

٢-گێڕانەوەی نووسراو: ئەمەیان ئەو گێڕانەوانە دەگرێتەوە کە دەچێتە خانەی نووسین، وەکو هەندێك لە دەقە: ئەدەبییەکان، ئایینییەکان، هونەرییەکان (وێنە)، .....هتد[٣٢].

گرنگی گێڕانەوە لەوەدایە، پەیوەندی بەزۆربەی ڕەگەز و تەکنیکەکانی دیکەوە هەیە، بۆیە گێڕانەوە ناسنامەی هونەری دەقێك لەخۆدەگرێت[٣٣] , سەرکەوتنی هەرکارێکی ئەدەبیش تاڕادەیەك دەبەسترێتەوە

---

* گۆشە نیگا، بیروڕاو سەرنجی کەسێك یان چەند کەسێکە دەربارەی شتێك یان دیاردەیەك، بەشێوەیکی گشتی دوو جۆرە:

١- گۆشە نیگای دەرەکی   ٢- گۆشە نیگای ناوەکی.

[٢٧] بینای کات لە نموونەی سێ ڕۆمانی کوردیدا، نەجم خالید ئەلوەنی، ل ٧٥-٧٦.

[٢٨] لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی، ئیبراهیم قادر، ل ٢٤.

[٢٩] بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین) و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارەسپیەکان)، سەنگەر قادر، ل ١٥٣.

[٣٠] لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی، ئیبراهیم قادر، ل ٢٤.

[٣١] سیما تازەکانی ڕۆمانی کوردی لە ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٠، کارزان موحسین قادر، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی، سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٧٧.

[٣٢] بڕوانە: گێڕانەوە لەکۆ چیرۆکەکانی (ئەحمەد محەمەد اسماعیل)دا، ل ٧.

[٣٣] سیما تازەکانی ڕۆمانی کوردی، کارزان موحسین، ل ٨٧.

بەجۆری ئەو ڕێگایەی کەرەستەی پێ ڕێکدەخرێت و دەگێڕدرێتەوە، چونکە لە ئەدەبدا ڕووبەڕووی ڕووداو و شتەکان نابینەوە لە شێوە سەرەتاکەیدا، بەڵکو ڕووبەڕووی ئەو ڕووداوانە دەبینەوە کە بەشێوەیەکی دیاریکراو پێشکەش دەکرێن[٣٤]. پێویستە نووسەر لەکاتی گێڕانەوەدا وشە و دەستەواژەی واتاداری سەرنج ڕاکێش هەڵبژێرێت لەنێوان وشە هاوواتاکاندا، لەو شوێنانەی پێویستن ڕەگەزی ئەندێشە بەکاربهێنێت، بەزمانێکی پاراو گێڕانەوەکە بەئەنجام بگەیەنێ واتە ((لێهاتوویی بنوێنێت بۆ ئەوەی وەرگر بەهەمان چێژو پەرۆشیەوە بابەتی گێڕانەوەکە وەربگرێت))[٣٥]هەروەها سروشت و تایبەتمەندی ڕووداوەکان بە هەند وەربگرێت و ئاستی هونەری دەقەکەش پشتگوێ نەخات، چونکە گێڕانەوە هونەرە نەك زانست[٣٦].

کەواتە: گێڕانەوە بریتییە لە باسکردنی قسەی گوتراو یان حیکایەت گوتن[٣٧].

ڕووداویش ئەو کردارەیە کە جووڵانەوەی کارەکتەر دەهێنێتە کایەوە، تا لەکۆتایدا ئەزموونێکی مرۆڤایەتی خاوەن دەلالەت پێشکەش بکەن[٣٨]وە شتێکی سەرپێی نییە، بەڵکو زیاترە لەوەی تەنیا شتێك بێت و ڕوو بدات، چونکە بەشداری لە پڕۆسەی گێڕانەوەدا دەکات، هەروەك چۆن بەشداری لەسەرەتاو کۆتاییدا دەکات[٣٩] لەبەر ئەوەی ((ڕووداو قورسایی چەقی بنیاتنانی دەکەوێتە سەرشانی لە وێوە گێڕانەو کەسایەتی لەناو پانتایی دەقدا دەست بە بزاڤی خۆیان دەکەن))[٤٠].

## تەوەرەی دووەم

### تەکنیکی گێڕانەوەی رووداو لە شیعرەکانی (کانی)دا

گێڕانەوە و توخمەکانی لەوانەش رووداو ئەوەندەی پەیوەستن بە دنیای چیرۆك و ڕۆمانەوە، بەو رادەیە پەیوەست نین بە شیعرەوە، بەتایبەتیش لە سەردەمی ئێستاماندا، بەو واتایەی کە چیرۆك و ڕۆمان وەکو دوو ژانرێك کە خولقا بن بۆ ئەوەی گێڕانەوە وتوخمەکانی کاری خۆیان تێدا ئەنجام بدەن و بنەڕەت و پێکهاتە و ستراتیژییەتی دەقیان لەسەر بنیات بنرێت، ئەوا ئەو گێڕانەوەیە بە توخمەکانییەوە بە بڕبڕەی پێکهێنانی دەق لە چیرۆك و ڕۆماندا دەدانرێن، ئەگەر چی لەسەرەتاکاندا گێڕانەوە لە شیعردا خۆی بینیبێتەوەو ناسیووە و ئەفسانە و داستان و شانۆ وحیکایەت بە شیعر هۆنراوەتەوە، بەڵام لەسەردەمی ئەمڕۆماندا ئەوەندە لە دنیای شیعرەوە نزیك نییە، لەگەڵ ئەوەشدا شیعر وەکو دەقێك چ زۆر و چ کەم سوودی لێیان بینیوەو لە پانتایی دەقدا بەکاریهێناوە. گەلێك شاعیر پەنای بۆ گێڕانەوە بردووە لە شیعرەکانیدا، یاخود توخمێك یان تەکنیکێکی گێڕانەوەی لە دەقەکەدا بەکارهێناوە. دیارە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شیعر وەکو ژانرێك تەمەنی لە

[٣٤] بینای هونەری چیرۆکی کوردی، پەرێز سابیر، ل ٢١١.

[٣٥] تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)، جەلال ئەنوەر، ل ٢٥.

[٣٦] بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، میران جەلال، ل ١٥٦.

[٣٧] فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، هەژار موکریانی، ل٧٤١.

[٣٨] بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو، ڕێزان عوسمان، ل١٧.

[٣٩] هەمان سەرچاوە، ل١٦-١٧.

[٤٠] شیعری شانۆی لە ئەدەبی کوردیدا باشوری کوردستان ١٩٢٥-١٩٦١، عەبدوڵڵا ڕەحمان عەولا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١، ل٣٢١.

ژانرەکانی دیکە کۆنترە و توانیویەتی هەمیشە بوونی خۆی لە گۆڕەپانی ئەدەبیدا بچەسپێنێت و هەمیشە لە پێشەوەی ژانرەکانی دیکەوە هاتبێت. سەرەرای ئەمانەش شیعر وەکو دەقێك توانای توانەوە و تێکەڵ بوون و ئاوێتەبوونی لەگەڵ ژانرەکانی دیکە هەیە و لەتوانایدایە رەگەزێك، توخمێك ، تەکنیکێك لە ژانرێکی دیکە وەربگرێت و بە ئاسانی بۆ مەبەست و پەیامەکانی خۆی تەوزیفی بکات، هەر وەکو دەڵێن شیعر دەقێکی جیوەییە، واتا جێگیری بۆ نییە و بەپێی ژینگە و کات گۆڕانی بەسەردا دێت و دەتوانێت لەگەڵ هەموو بارودۆخێکدا خۆی بگونجێنێت. بۆیە لە کۆنەوە شیعر و گێڕانەوە تێکەڵی دنیای یەکدی بوونەو شیعر توانیویەتی بەهۆی گێڕانەوە و توخم و تەکنیکەکانییەوە دەقگەلێك بخولقێنێت  کە تا ئێستاش بەنەمری بمێنێتەوە. ئەوەتا هەموو ژانرەکانی دیکەی وەکو دراما و داستان و تەنانەت ئەفسانەش سەرەتاکانی بە شیعر نووسراون و لەشیعر سەرچاوە و بنچەیان پێکهێناوە. دیارە ئەمەش تەمەنێکی بەیەکەوە کارکردن و کارلێکردنی لەنێواندا دروستکردووە. بۆیە شتێکی نامۆ نەبووە کە شاعیران هەمیشە پەنا بۆ گێڕانەوە و توخ و تەکنیکەکانی ببەن و لە دەقەکانیاندا تەوزیفیان بکەن و کەش و هەوایەکی دیکەی پڕ لە سەرسامی و سەرنج راکێشان پێشکەشی وەرگر بکەن و وای لێبکەن ئیدی هۆگری ئەو جۆرە دەقە بێت و تام و چێژێکی زۆری لێ ببینێت.

لەم چوارچێوەیەدا رووداو کەیەکێکە لە توخمە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی گێڕانەوە جێگەی سەرنجی شاعیران بووە، بێگومان ئێمە هەموومان کەوتووینەتە ژێر کاریگەری رووداوە و هەموو مرۆڤێك لەناو کۆمەڵێك رووداودا دەژی و تەنانەت لەدایکبوون و مردنیشی خۆی لەخۆیدا رووداوێکن، رووداوێکی پڕ لە کاریگەری و سەرنجدان، بۆیە مرۆڤ هەمیشە لە ژێر رەوتی رووداوەکاندایە و رووداو بەشێکی یەکجار گەورەی ژیانی پێکدەهێنێت.  جا مرۆڤێکی ئاسایی کاریگەری و کارلێکردنی لەسەر رووداو هەبێت و رووداو رۆڵێکی گرنگ لە ژیانی بگێڕێت، دیارە شاعیر وەکو مرۆڤێکی هەست ناسك و بەرپرسیار لەناو کۆمەڵەکەیدا زێتر لە ژێر کاریگەری ئەو رووداواندایە و کاری لێدەکەن و کاریان تێ دەکات.

هەڵبەتە پەنا بردنی شاعیر بۆ گێڕانەوە و بەکارهێنانی توخم و تەکینکەکانی وەکو پردێکە بۆ گەیاندنی مەبەست و پەیامەکانی، نەك بەمەبەستی خودی  گێڕانەوە خۆی بێت، بەدیوێکی دیکەدا شاعیر ئەوەندەی ناواخن و وشە و رستەکانی شیعرەکەی لەبەرچاوە، ئەوەندە گێڕانەوە بەتوخم و تەکنیکەکانی لەبەرچاو نییە. لەگەڵ ئەوەشدا گەلێك جار بۆنەیەك، هەڵوێستێك، تووڕبوونێك، هەڵکشانێك ، یاخیبوونێك، شاعیری ناچاری گێڕانەوە کردووە، یاخود ناچاری ئەوەی کردووە یەکێك لەتوخم و تەکنیکەکانی بەکار بهێنێت. دیارە پانتایی دەقێکی شیعری بۆ گێڕانەوە وبەکارهێنانی تەکنیك و توخمەکانی گێڕانەوە ئەوەندە لەبار نییەو دەست و پێی شاعیر بە کەش و هەوا و ئەتمۆسفیری شیعری بەستراوەتەوە وئەوەندە بە ئازادانە گێڕانەوە و توخم و تەکنیکەکانی پێ بەکارناهێنرێت. بەو واتایەی کە رووبەری دەقی شیعری ئەوەندە بەر تەسکە، گێڕانەوە تییدا ئەو ئازادییەی  لە پانتایی دەقێکی وەکو چیرۆك و رۆماندا دەستی دەکەوێت، لە دەقێکی شیعریدا چەنگی ناکەوێت و هەمیشە گێڕانەوە لە دەقی شیعریدا لەقالبدراوە و لەلایەن شاعیرەوە تا ڕادەی لەدەست نادانی مانا باڵەکانی داتاشراوە و بچووك کراوەتەوە. بۆیە زۆر ئاساییە کە توخم و تەکنیکەکانی گێڕانەوە بەتەنیا یەکێکیان یان دووانیان بەیەکەوە لەدەقێکی شیعریدا بەدەر بکەون و ئەوانی دیکە بەکارنەهێنرێن، یاخود گەلێك جار لە دەقێکی شیعریدا رووداوێك بە ئاماژەیەك، یان بەچەند دێرێك، یان بە پەرەگرافێك لە شیعردا بگێردرێتەوە. بۆیە زۆر جار ئاماژە رۆڵێکی بەرچاوی لە دەقی شیعریدا دەگێڕێت و هەر ئاماژەیەك گێڕانەوەی رووداو و

چیرۆکێکی لەپشتە کە شاعیر مەبەستیەتی و پەنای بۆ دەبات، بەڵام لەبەر بەر تەسکی ڕووبەری دەقی شیعری ناچارە بەتەنیا وشەیەك وەکو ئاماژەیەك، پەنچەی بۆ درێژ بکات و تەواوی گێڕانەوەکە بخاتە ئەستۆی خوێنەر و وەرگرەوە و ڕاپسپێرێ بەدوای دەقی چیرۆکەکەدا بگەڕێت و بیخوێنێتەوە. لەم چوارچێوەیەدا شاعیران سوود لە گەلێك ئەفسانە و داستان و حیکایەت و چیرۆکی ئایینی و دنیایی دەبینن و بە تەنیا ئاماژەیەك لەدەقەکەیاندا دەیگێڕنەوە، کە لەلێرەدا ئەم جۆرەیان مەبەستی ئێمە نییە، بەڵکو جۆرێکی دیکەیان پێکهێنەری ناوەرۆکی ئەم لێکۆڵینەوەمانی لەئەستۆ گرتووە ، کە ئەویش تەواوی گێڕانەوەی چیرۆکەکەیە لەلایەن خودی شاعیرەوە، لەم جۆرەیاندا گێڕانەوە بەشێوەیەکە، کە تان و پۆی شیعرەکەی بۆ تەرخان دەکرێت و ڕووداوگەلێك پێشکەش بە خوێنەر و وەرگر دەکەن کە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییان هەیە و خوێنەر و وەرگر ڕووبەرووی چیرۆکێك دەبنەوە کە لە پانتایی دەقی شیعریدا هاتۆتە بەردەمی. لێرەشدا وردی و سەلیقەیی و بەهرەمەندی و هەناسە درێژی شاعیر بەدیار دەکەوێت و چیرۆکێکی درێژ و فراوان لە دووتوێی چەند ڕستە و دێڕێکی پڕ لە ڕیتم و مۆسیقا و سەروا و کێشدا بهۆنێتەوە.

لەم ڕوانگەیەوە (کانی) یەکێکە لەو شاعیرانەی کە گێڕانەوە و توخم و تەکنیکەکانی کاریگەریی خۆیان لەسەری هەبووە و لە هەندێك کاتدا شاعیر بۆ گەیاندنی بیرو بۆچوونەکانی خۆی پەنای بۆیان بردووە و لەدەقەکانیدا بەکاری هێناون. لەدیوانەکەیدا هەر دوو پارچە شیعری ( خەیاڵێکی ئیماندارانە) و (ژن) نوقمی گێڕانەوە و ڕووداوگەلێك بوونە کە شاعیر بۆ پێکهێنان و دانانی بناغەی دقەکانی پەنای بۆ بردوون.

لە شیعری ( خەیاڵێکی ئیماندارانە)دا، گێڕانەوە چەق و ستراتیژییەت و بنەمای دەقی لە ئەستۆ گرتووەو ڕووداویش وەکو توخمێکی کاریگەری بەکارهاتوو جێگەی خۆی لە شیعرەکەدا پێ بەخشراوە، دیارە کە ڕووداویش هەبێت( ئەو پێویست بەوە دەکات کە کەسایەتی هەبێ بۆ جێبەجێکردنی و ڕۆڵ گێڕانیان لەوازیکردنی ئەنجامدانی ڕووداوەکان. کە ڕووداو و کەسایەتیت هەبوو، ئەوە پێویست دەکات شوێنیشت هەبێ و کارەکەی لەسەر ئەنجام بدەی، کە ئەو سێ ڕەگەزەشت هەبوو ، ئەوا بەشێوەیەکی پێویست کات خۆی ڕەپێش دەکات)[٤١]. لێرەدا دیارە کە ڕووداو بەبێ توخمەکانی دیکە بوونی نابێت و شاعیر کاتێك پەنای بۆ ڕووداوێك بردووەو لەچوارچێوەی دەقێکی شیعری پرۆسەی گێڕانەوەی پێ ئەنجام داوە، ئەوا بەشێوەیەکی ناراستەوخۆش بێت، جگە لە ڕووداو، توخمەکانی دیکەشی بەکارهێناوە، چونکە هەموویان پەیوەستن بە یەکەوە. لەشیعری ( خەیاڵێکی ئیماندارانە)دا، ڕووداو لە سەر بنچینەی بیروڕایەکی ئایینی هەڵهێنجراوە و داڕێژراوەتەوە و تێیدا شاعیر خۆی بە بۆچوونێکی ئایینییەوە هەوڵ دەدات وەرگریش بێنێتە ئەو قەناعەتەی کە ژیانی دنیا کورتە و مایە پووچە و ژیانی دنیایەکەی دیکە، ژیانێکی شایانی ئەوەیە بایەخ و گرنگی پێ بدرێت ومرۆڤ هەوڵ و تێکۆشانی بۆ بکات. لەم پێناوەشدا ڕووداوێك هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی کاریگەری گێڕانەوە لەسەر وەرگر دابنێت و لە ڕێگای چیرۆك و حیکایەتێکەوە بیهێنێتە ئەو قەناعەتە. ئەم شیعرە بەم جۆرە دەست پێ دەکات:

٤١- حوسێن سابیر عەلی، بینای ڕووداو لە ڕۆمانی مۆسیفای مەرگی ناوەختەدا، گۆڤاری ڕامان، خولی سێیەم، ساڵی دوازدە ژمارە ١٢٥ تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧ . ل ٦٢

**هەر لەبنی پێم هەتا mووی سەرم**

**غەرقی گوناه بووم نەم دەكرد شەرم**

**میسالی مەجنوون بێ سەر و سامان**

**دەگەڕام سەرسام لە دەشت و كێوان ( دیوانی كانی ، ل٢١)**

دەستپێك لە شیعرەكەدا بە رووداوێك دەبێت كە خوێنەر و وەرگری بۆ ئامادە دەكرێت و زانیاری سەرەتایی پێ دەدرێت، بۆ ئەوەی زەمینەی بۆ ساز بكرێت و گرێی رووداوەكەی پێ بناسرێت. كارەكتەر لێرەدا هەر شاعیر خۆیەتی كە بەشێك لە ژیانی نائاسایی خۆی وەرگرتووەو لەوێوە هەوڵ دەدات راستەوخۆ خوێنەر و وەرگر بدوێنێت و شەرحی دڵی خۆی بۆ بكات. واتە پرۆسەی گێڕانەوە لە دەستپێكی شیعرەكەدا خۆی لە رووداوێكدا دەبینێتەوە كە بریتییە لە ئەزموونی خودی، ئەو ئەزموونەی كە شاعیر خۆی بینیویەتی و رەنگە لێی پەشیمان بێت و هەوڵ دەدات هەم خۆی لێ رزگار بكات و هەمیش خەڵكی لێ ئاگادار بكاتەوە كە ئەو رێگەی ئەو گرتییە بەر، ئەوان نەیگرنەبەر. لێرەدا هەر زوو رووداو خۆی ئاشكرا كردووە و كلیلی چوونە ژوورەوە بۆ ناو راڕاوەكانی دەواتە دەست خوێنەرەوە.

**تاریك بوو رێگام نەبوو رەهبەرم**

**لە ئەعمالی بەد دڵ دەبوو نەرم**

**كەسی وام نەبوو بپرسی حاڵم**

**لە چاكە نەبوو فیكر و خەیاڵم( دیوانی كانی ، ل٢١)**

لێرەدا زانیارییەكان فراوانتر دەبێت و ئەو پرسیار و سەرسامییەی كە لە دەستپێكی شیعرەكەدا بۆ خوێنەر و وەرگر بەجێهێڵراوە، وەڵامی پێویستی خۆی لێرەدا وەرگرتووە و خوێنەر زیاتر ئاشنای رەورەوەی رووداوەكان دەبێت و رووبەری رووداو لێرەدا جۆرێك لە فراوانی و نزیكبوونەوە لە گرێی سەرەكی بەخۆیەوە دەبینێت و هێشتاش شاعیر خۆی تاكە كارەكتەری رووداوەكەیەوە و شوێن و كاتیش لە ناواخنی خودی دەقەكەوە جێگیربوونەوە پەیوەستن بەو ساتانەی كە گێڕانەوە دەستی پێكردووە.

**تەماننام دەكرد لە بۆ ئاغەكی**

**لەم فیكرەدا بووم كەوتمە باغەكی**

**باغەكی دڵگیر باغی بەغدا بوو**

**لەناو ئەو باغە گولەك پەیدا بوو( دیوانی كانی ، ل٢١)**

گێڕانەوەی رووداو سەرەتاكانی لێرەوە دەست پێدەكات و خوێنەر رووبەرووی رووادو دەكرێتەوە، هەر چەندە هێشتا كارەكتەری سەرەكی هەر شاعیر خۆیەتی، بەڵام شوێن لە ناواخنی دەقەوە دەگوازرێتەوە بۆ شاری بەغدا، كە دیارە شارێكە لەرووی ئایینییەوە لێرەدا ناوی هێنراوە، بەو پێیەی كە سەنتەرێكی گرنگی رۆژگاری خەلافەت بووە و لە كۆندا بە باغ و بێستان بەناوبانگ بووە. ئیدی گرێی رووداو دەست بە گێڕانەوە دەكات و خوێنەر دوای ئامادە كردنی لە سەرەتاكاندا، لێرەوە دەچێتە ناو قووڵایی رووداوەوە.

**پیری دەستگیر خۆی بە شوكروڵلا**

**غەفڵەتی نەبوو قەت لە زیكروڵلا( دیوانی كانی ، ل٢١)**

رووادو بەردەوامە لە پیشاندانی گرێیـەكانی و خوێنـەریش لەبـەردەم رەوتـی رووداوەكاندایـە و چاوەڕوانی گۆڕانكاری و كاریگەرییەكان و كۆتایی رووداوەكەیە، بەڵام لەلایەن خۆیەوە شاعیر ئیتر بەتەنیا ئەركی گێڕانەوەی ئـەو رووداوەی لـە ئەسـتۆ نـەگرتووە، لێـرە بـەدواوە كارەكتـەرێكی دیكـە لەگـەڵ شـاعیر لەگێڕانـەوەی رووداودا بەشداری دەكات و ئەو كارەكتەرەش كە لەناوەڕاستی رووداودا دێتە ناو دەقەكەوە پیرێكـە كـە هەمیشـە خـەریكی تـەقوا و خواپەرسـتییە، دیـارە پـیر ئاماژەیەكـە بـۆ دنیـادیتی و ئـەزموونی زۆر و فراوانـی ژیـان كـە بەهۆیـەوە حیكمەت و نهێنییەكانی ژیانی پەی پـێ بـردووە كـە زۆربـەمان رەنگـە بـەو شـێوەیە بیرۆكـەمان لـەبارەی بـوون و ژیـان و مـەرگ لـەلا دروسـت نـەبووبێت. بۆیـە شـاعیر رووی لـەم پـیرە دەكـات و بـەردەوامی بـەرەوتی رووداو و پرۆسەی گێڕانەوە دەدات:

**دەخالەتم كرد زۆر بە زەلیلی**

**پێم گوت: بێ مەئوام بۆ خۆت دەلیلی**

**دەخیلەك شاهم قەبووڵم بكەی**

**لەدەرگاهی خۆت قەت دەرم نەكەی ( دیوانی كانی ، ل٢١)**

شـاعیر لـەم دێـرە شـیعرانەدا پـەنای بـۆ دیـالۆگ بـردووە كـە یەكێكـە لەتەكنیكـەكانی گێڕانـەوە و بـە بەكارهێنانی (پـێم گـوت) دیـالۆگێكی لەگـەڵ مامـەی پیر دانـاوە كـە تێیـدا رەگـەزی ململانێـی رووداوەكـەو گرێـی رووداوەكەی لەسەر دروست كردووە، ململانێی رووداوەكە لێرەدا كە زانیارییـەكانی لەرێگـەی تـەكنیكی دیالۆگـەوە خراوەتەڕوو بریتییە لە بەراوردكردنی خودی شاعیر خۆی و لەگەڵ ئەو پیرەی خواپەرستە و نیشاندانی خراپـی و ناڕاستی و پەشیمانی شاعیر خۆی و پەنا بردنە بەر شەفاعەت و لێبـوردەیی پـیری خواپەرسـت، بـەڵكو خـوداش بەهۆیەوە لێی دەبووری، ئەمەش لەبەر ئەوەیە كە پیری خواپەرست كۆمەڵێك سیفات و خەسڵەتی هەیە:

**باڵای كردووی خودایی غەففار**

**بووی بە جیرانی ئەحمەدی موختار،**

**لە چاو ئەولیا دوڕڕو ئەڵماسی،**

**نەجاتی دەبێ ئەوەی بتناسی!**

**حەیاتی چۆن بوو مەماتیشی وا،**

**لە بۆ نەخۆشان دەبەخشی دەوا ( دیوانی كانی ، ل٢١)**

شاعیر لە رێگەی بـەكارهێنانی تـەكنیكی وەسـف كـە یەكێكـە لـە تەكنیكـەكانی گێڕانـەوە و هاوكاتـە لەگـەڵ زەمەنی رووداودا و یەكێك لە ئەركەكانی بەخشینی زانیارییە لەبارەی رووداوەوە، لێرەدا وەسف ئەركی ناسـاندنی كارەكتەری دووەمی نێو دەقەكەی لە ئەستۆ گرتووە و هەوڵیداوە جگـە لـەوەی كـە سـیفات و خەسـڵەتەكانی بـاس بكـات، رەهەنـدە كۆمەڵایـەتی و دەروونییـەكانی ئـەو كارەكتـەرەش بخاتـە ڕوو، چـونكە (( وەسـف هـەڵگری مانـاو دەلالەتی دوورتـرە لـەوەی كەتـەنیا نوانـدنی شـتكان بێـت)) [٤٢] ئیـدی رووداو لەسـەر ململانێیـەك بنیـادنراوە كـە بریتییە لە بەراوردی شاعیر خۆی بە كەسایەتییەكی باشتر و راستتر لەخۆی و سـەلماندنی خراپـی خـۆی و راسـتی ئەوە. ئەو رووداوە دواجار بە چەند پێشنیار و راسپاردەیەكی شاعیر خۆی كۆتایی پێدەهێنرێت:

٤٢- تانیا ئەسعەد محەمەد سالح، بینایی شوێن لە دوو نمونەی ڕۆمانی كوردیدا (هێلانە٠ ئەژدیها) ، ل ٢١٤ ٠

**تەبشیرتان دەکەم ئەی موریدانی**

**خەبەردار بن لە رووحی ڕەوانی**

**لە دارولفەنا بۆ ئێمەی فانی**

**فەیزەك هەر دەبێ لە بۆ یارانی ( دیوانی کانی ، ل٢١)**

ئەم کۆتاییە، کۆتاییەکی ئایینییە و بریتییە لەوەی کە دەبێ تاك ئاگاداری خۆی بێت و ئەم دنیایە کورتە مایەپووچە و دەبێ ئێمە گوێ بۆ پیرانی خواپەرست و زانایان رابگرین و ببینە موریدی ئەوان کە ڕێگای راست رۆشن دەکەنەوە. گێڕانەوەی رووداو لەم شیعرەدا گێڕانەوەیەکی خودییە و شاعیر هەمان شتزانە و دەزانێ و گێڕەرەوە کارەکتەرێکی دیار و بەرچاوی هەیە بەشدارە لە رووداوەکان و دەستی هەیە لە گۆڕین و ئاراستەکانی و ئاگاداری تەواوی زانیارییەکانی نێو رووداوەکەیە و دەزانێ کەی دەست بە بەخشینی زانیارییەکان دەکات و کەی کۆتایی پێ دەهێنێت. گێڕانەوە لەم شیعرەدا سنووردارە و بەستراوەتە بەو چوارچێوەیەی کە شاعیر کێشاویەتی بۆ ئەو شتانەی کە خۆی مەبەستی بووە باسیان بکات. ئەو رووداوەش کە کردوویەتییە چەقی گێڕانەوەکەی، زیاتر لە خەونێکە، خەونێك کە پیاوچاکێك، پیرێکی خواپەرست لەناو باغێکدایە و رێنمایی و ئامۆژگاری خودی شاعیر دەکات بەوەی کە ئیدی دەبێ رێڕەوی ژیانی خۆی بگۆڕێت واز لە کاروکردەوەکانی پێشتری بهێنێت و ژیانێکی نوێی دیکەی پڕ لە سەربەرزی و خواپەرستی دەست پێ بکات.

لە شیعری (ژن) دا، شاعیر بەدیدێکی کۆمەڵایەتییەوە رووداوگەلێکی گێڕاوەتەوە و کە لەناو کۆمەڵگادا، نەخاسمە کۆمەڵگایەکی داخراوی کوردستاندا، ئەو رووداوگەلانە بوونەتە دیاردەو نەخۆشییەکی کوشندەی کۆمەڵایەتی لە گەلێ باریشدا بووە بە نەخۆشییەکی مەترسیدار. ئەو رووداوگەلانەی کە لەم شیعرەدا باسی لێوەکراوە پەیوەستە بە ئافرەتەوەیە، کە وەکو کارەکتەرێکی سەرەکی لە کۆمەڵگەدا رۆڵی لەتەك پیاودا هەیە و بە نیوەی کۆمەڵ لەقەڵەم دەدرێت. دیارە هەموو چین و توێژێك کەسانی باش و کەسانی خراپی تێدا هەنە، بەڵام لێرەدا ئەوەی گرنگە باسکردنی ئەو چاك و خراپانەیە بە مەبەستی زۆرکردنی چاکەکان و چارەسەرکردنی خراپەکان. شاعیر لە دەستپێکی شیعرەکەیدا زەمینەسازییەکی راستەوخۆیانە دەخاتە بەردەم خوێنەر و وەرگرەوە:

**ئەم بەیتە بۆ ژنانە**

**بۆ خراپ و چاکانە**

**زۆر راستە ئەو قسانە**

**چی گوترا بێ وەهانە ( دیوانی کانی ، ل٢٦)**

لەم دەستپێکەدا شاعیر راستەوخۆ مەبەست و ئامانجەکانی بە خوێنەر خستۆتەڕوو و هیچ پێچ و پەنایەکی بۆ نەهێشتۆتەوە، خوێنەر و وەرگر راستەوخۆ تەواوی رووداوەکەیان بۆ ئاشکراکراوە و هیچ لێڵی و تەمومژێکی تێدا نەهێشتراوەتەوە تا خوێنەر خۆی لێکدانەوە و راڤەکردنی بۆ بکات. لەهەمانکاتیشدا دوو کارەکتەری سەرەکی رووداوەکانی بۆ دیاریکراوە، کە ئەوانیش ( ئافرەتی باش و ئافرەتی خراپن) ئەم دوو کارەکتەرە، کارەکتەری سەرەکی رووداوەکانی ئەم شیعرە پێکدەهێنن و چەق و قورسایی دەقیان لە ئەستۆ گرتووە. ئەم دەستپێکە تەنیا رێگە خۆشکردنێکە بۆ نیشاندانی گرێی رووداوەکانەوە و ئەوەندەش ئەو رووداوانە لە واقیعدا هەڵهێنجراون تا ئەندازەی ئەوەی شاعیر خۆی باس لە واقیعبوونیان بکات و کاروکردەوەکانی

بسەلمێنێت چ ئەوانەی بە ئەزموون پیادەکراون و چ ئەوانەی بە قسە لەسەر زارانەوە هاتووە. سەلماندنی ئەو ڕووداوانەش بۆ چەسپاندنی پێگە و جێگەی خودی ڕووداوەکانن، تا زیاتر و زیاتر کاریگەری لەسەر دەروونی خوێنەر و وەرگر جێ بهێڵن و بەو ئاراستەیەی کە چاکەکەیان لاسایی بکاتەوە و لەخراپەکە دوور بکەوێتەوە.

هەندێك ژن هەندێك ژانە

هەندێك ڕووحی ڕەوانە

هەندێك فیتنە و شەیتانە

هەندێك حەرەم گرانە!

هەندێك قووتی دڵانە

هەندێك کەر و نەزان

هەندێك خانو و خەرمانە

هەندێك ئێسك گرانە

هەندێك بەدخوونە بانە

هەندێك جانی جانانە

هەندێك ئیشی بوختانە

هەندێك سوسن و ریحانە ( دیوانی کانی ، ل٢٦)

لەدوای دەستپێك یەکڕاست ڕووداوەکانی تایبەت بەم دوو کارەکتەرە دەست بە گێڕانەوە دەکەن و هەریەکێکیان ڕووداوەکانی خۆی باس دەکات. دیارە لێرەدا ڕووداو ئەوەندە بەرتەسك و بچووککراوەتەوە کە بووە بە کۆد و ئاماژەیەك، هەر کۆد و ئاماژەیەك لە وشەیەك یان دوو وشە پێکهاتووە، کە لەدواوەی ئەم وشانە کۆمەڵێك ڕووداوی کۆمەڵایەتی و دەروونی خۆیان حەشارداوە و ڕەنگە کەم تا زۆر هەموو مرۆڤێك لەناویدا ژیانی گوزەراندبێت، یاخود بەلای کەمییەوە ئەم جۆرە ڕووداوانەی لە کۆمەڵگەکەی خۆی بینیبێت. ئەم ڕووداوانە بە ئاماژەیەکی بچووك لەلایەن شاعیرەوە دەربڕاوەو شاعیر لەم ڕووبەرە بچووکەی شیعردا بەناچاری پەنای بۆ بچووکردنەوەی ڕووداوەکان بردووە و بە چەند وشەیەکی کەم و بەخشینی سەرەداوێك ڕووداوەکەی کردۆتە ئەستۆی خوێنەر و وەرگرەوە. ئیدی خوێنەر و وەرگر دەزانێت کە بۆچی هەندێك ژن، ژانە و هەندێك ژنیش روحی ڕەوانە، هەندێکیان فیتنەچی و شەیتانن و هەندێکیشیان سوسن و ریحانن، دیارە لە پشت ئەم ئاماژە و کۆدانەوە کۆمەڵە ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی و دەروونی کە بەدرێژایی ڕۆژگار لە ناو کۆمەڵگەدا لە تێڕوانین و دیدوبۆچوونەکان لەبەرامبەر ئافرەتدا و هەروەها خودی ئافرەتیش بە کاروکردەوەکانیدا ڕەنگڕێژیان کردووە:

هەندێك شاهی جیهانە

هەندێك بێ رزق و نانە

هەندێك دەوای دەردانە

هەندێك لۆتیی مەیدانە

هەندێك گوڵی باخانە

هەندێك ژەهر زوبانە

**هەندێك مەجلیسی جوانە**

**هەندێك نزیك بەڵانە**

**هەندێك چرای شەوانە**

**هەندێك بێ دەرکە و بانە ( دیوانی کانی ، ل٢٦-٢٧)**

ئەو رووداوە کۆمەڵایەتی و دەروونیانەی تایبەت بە ئافرەتان لە ناو کۆمەڵگەدا کە لێرەدا شاعیر بە کۆدێك و ئاماژەیەك باسی کردوون، هەر یەکێکیان رووداوگەلێکن کە کۆمەڵێك هۆکارو کێشە و گرفتی تایبەت بەخۆیان هەیە و سەرهەڵدان و چارەسەرکردنیان هەروا سادەو ئاسان نییەو چەندە ئافرەت پێوەی دەناڵێنێت، رەنگە لەهەندێك بارو هەڵوێستدا پیاو دوو هێندەی ئازاری بەدستیانەوە چێژتبێت. شاعیر لێرەدا لەبەر درێژی خودی رووداوەکانەوە لە چەند وشەیەك بەولاوە نەیتوانیوە زیاتری لەسەر بنووسێت و هەڵوێستەی لەتەك بکات، چونکە ئەو شیعر دەنووسێت، نەك وتارێکی کۆمەڵایەتی یان دەروونی، بۆیە باسکردنی وردەکارییەکانی ئەو رووداوانەو گێڕانەوەیانی کردۆتە ئەرکی خوێنەرو وەرگر. هەروەها چەق و بنیادی رووداوەکەی لەسەر دوالیزمی ( چاك ــ خراپ) دارێژتووە و هەوڵی داوە رووداوەکان بە ئاکارێکی فەلسەفەی رەوشتەوە گرێ بدات و مرۆڤ ناچاری ئەوە بکات کە یەکێکیان هەڵبژێرێت. بێگومان خستنەڕووی دەوالیزمێکی وەکو (چاك ــ خراپ) بواری شیکردنەوە و راڤەکردنێکی کەمتری بۆ خوێنەر و وەرگر هێشتۆتەوە بۆ ئەوەی پێش رەتکردنەوەی رووداوگەلێکی خراپ، هۆکار و چارەسەرکردنەکەی بزانرێت، کە دیارە هیچ کێشە و گرفتێك بێ چارەسەر نییە، لێ شاعیر (( دوو نموونەی ئافرەتمان بۆ دەستنیشان دەکات، نموونەی نەزان و دواکەوتوو ، بۆ ئەوەی ئافرەتی کورد خۆیان لێ دوور بخاتەوە، لەگەڵ نموونەی پێشکەوتوو تەواودا، بۆ ئەوەی ژنی کورد پەیڕەویان لێ بکات)) [٤٣] لەهەمانکاتیشدا ویستوویەتی ئەو دوو کارەکتەرە لە زاری خۆیانەوە، هەموو ئەو کردارانەی کە لەژیانی رۆژانەیاندا ئەنجامی دەدەن، بگێڕنەوە، گێڕانەوەیەکی چڕ، پڕ لە هێما و دەلالەت.

دەبێ ئەو راستییەش بزانین کە ئەو رووداوە کۆمەڵایەتی و دەروونیانەی ئەو دوو ئەکتەرە ئافرەتە و تەواوی گێڕانەوەی رووداوەکانیش کە رووداوگەلێکن تایبەتن بە دنیای ئافرەتەوە. لەزاری پیاوێکەوە کەشاعیرەکەیە باس دەکرێت. نەك لە زاری ئافرەتانەوە بێت، راستە کارەکتەرەکان ئافرەتن، بەڵام ئەوەی کە خولقاندوونییەتی و بواری کارو باسکردنی پێداون، پیاوە کە شاعیر خۆیەتی، بێگومان ئەگەر ئافرەتێك ئەم دەقەی نووسیبا، ئەم زمانەی رەقەی کە کانی شاعیر بەکاریهێناوە لە نموونەی ( هەندێکیان کەر و نەزان) و ( هەندێکیان لۆتیی مەیدانە) و ( هەندێکیان سەی قەسابخانە)ی هەرگیزاو هەرگیز بەکار نەدەهێنا، چونکە هیچ یەکێك لەم دوو توێژە ئامادەنین بەم جۆرە وەسف بکرێن، دیارە هەر ئەم هۆکارەشە کە شاعیر باش هەستی پێکردووە و لەگەڵ رەچاوی کردنی داب و نەریت و عورفی کۆمەڵگای کوردی، کە کۆمەڵگەیەکی داخراوە و هەروەها بۆ ئەوەش کە شاعیر لەدوارۆژدا بە شاعیرێکی کۆنەپارێز تۆمەتبار نەکرێت، ناچار شاعیر رووداوەکانی بەم جۆرە کۆتایی پێهێناوە:

---

٤٣- دیوانی کانی ، ل ٢٧ ٠

**مەقسەدەم لە بەندانە**

**بۆ سوحبەت و گەمانە!** ( دیوانی کانی ، ل٢٧)

کۆتایی هێنانی گێڕانەوەی ڕووداویش بەم جۆرە، هەم بۆ ئەوەیە کە ئیدی کەس دڵی لە شاعیر نەرەنجێت ، چونکە شاعیر زیاتر گاڵتەوگەپ دەکات و هەمیش کەشوهەوایەکی کاریکاتێری و تەنز ئاسای بە شیعرەکە ببەخشێت. لەراستیشدا کارێکی زیرەکانە بووە و خوێنەرو وەرگر لە حاڵەتێکی دیاریکراوی هەست و نەستەوە گواستۆتەوە بۆ بارێکی دیکەی پڕ لە گاڵتە و گەپ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە کۆتایی پێهێنانە جۆرێك لە ترس بووە کە شاعیر وەکو باسمان کرد لەبارەی کۆمەڵگەکەی و هەروەها پێگە و جێگەی خۆی وەکو شاعیرێك بووە و بەڕای ئێمە خۆی قەناعەتی بەوە نەبووە کە ئەم جۆرە ڕووداوگەلانەی ناو کۆمەڵگەکەی بخاتە گێڕانەوەیی سوحبەت ئامێزەوە، بەڵگەی ئەوەی خۆی لەسەرەتاوە ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەم ڕووداوانە ڕاستەقینەن:

**زۆر ڕاستە ئەو قسانە**

**چی گوترا بێ وەهانە** ( دیوانی کانی ، ل٢٦)

بەڵام ڕەچاوکردنی ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە و باری دەروونی و کۆمەڵایەتی ئافرەتی کوردەواری پاڵی بەشاعیرەوە ناوە کە کۆتاییەکی لەم جۆرەی بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان بخوڵقێنێت. ئەم گێڕانەوەیەش زیاتر گێڕانەوەیەکی بابەتییە و لە ڕێگەی شاعیرەوە ئەکتەرەکان ئازادییان پێ بەخشراوە و گێڕەرەوە کە شاعیر خۆیەتی تەواوی جووڵە و هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکانی دەزانێت و زانیاری تەواوی لەبارەی ڕووداوەکانەوە هەیە و کات و شوێنیان دەزانێ، گێرەرەوەیەکی هەموو شتزانە و هیچ شتێکی شاراوە نییە پەی پێ نەبردبێت. سەرەڕای ئەمانەش کارەکتەرەکان بواریان بۆ نەماوەتە کە باس لەخۆیان بکەن و هەموو کاروکردەوەکانیان کەوتۆتە دەست گێڕەرەوە و ئەو سەربەستییەکی تەواوی خۆی وەرگرتووە لە باسکردنی هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکانەوە، هەرچەندە گێڕەرەوە کە شاعیر خۆیەتی لەدەرەوەی ڕووداوەکانەوە وەستاوە و دەستی لە ئاراستەکردن و چارەسەرکردنی نییە و تەنیا مافی ئەوەی بۆ خۆی و خوێنەر هێشتۆتەوە کە پەسندی چاکەکەی بکات و خۆی لە خراپە بەدوور بگرێت.

## ئەنجامەکان

لەکۆتاییدا چەند ئەنجامێك بەدەست کەوتووە کە ئەمانەن:

١. گێڕانەوە هونەرێکە هەر لەکۆنەوە جێگە و ڕێگەی دیاریکراوی خۆی لە ئەدەبیاتدا دۆزیوەتەوە و ئەگەر چی لەسەردەمی ئێستادا لە چیرۆك و ڕۆماندا ڕووبەرێکی فراوانی داگیرکردووە، لێ لە کۆنەوە پەیوەست بووە بە شیعر و داستان و ئەفسانەکان بە شیعر گێردراونەتەوە.

٢. گێڕانەوە لە گەلێك توخم و تەکنێکی وەکو ( ڕووداو و کارەکتەر و کات و شوێن و دیالۆگ ومەنەلۆگ..... هتد) پێکهاتووە، وەلێ دوو جۆری سەرەکی هەیە گێڕانەوەی خودی و گێڕانەوەی بابەتی.

٣ـ ڕووداو یەکێکە لە توخمە سەرەکییەکانی گێڕانەوە و بەبێ بوونی ڕووداو توخم و تەکنیکەکانی وەکو ( کارەکتەر و کات و شوێن ....هتد) بوونیان نییە.

٤. ( کانی) شاعیر یەکێکە لەو شاعیرانەی کە پەنای بۆ بەکارهێنانی گێڕانەوەی رووداو وە تەکنیکێك بردووە، وەلێ پەنا بردنەوەی لە چوارچێوەیەکی تەسکدا بووە و لەتەواوی دیوانەکەیدا تەنیا لە دوو پارچە شیعرەدا بەکاری هێناوە.

٥ـ لە بەکارهێنانی گێڕانەوەی رووداویش لەم دوو پارچە شیعرەدا سەرکەوتوو بووە و توانیویەتی سەرنجی خوێنەر و وەرگر بەلای چەق و ناوەرۆکی رووداوەکە رابکێشێت.

٦. هەردوو جۆری گێڕانەوە، گێڕانەوە خودی و گێڕانەوەی بابەتی بەکارهێناوە و لە تەکنیکەکانی سوودمەند بووە.

## سەرچاوە

### أـ کتێب:


١. تانیا ئەسعەد محەمەد سالح ، بینای شوێن لەدوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا(هێلانە. ئەژدیها) دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ،چاپی یەکەم ، سلێمانی ،٢٠١١ .

٢. تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار علی دا, جلال ئەنوەر سەعید,چاپخانەی کەمال, سلێمانی ٢٠٠٩.

٣. پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لەسەرەتاوە تاکۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی ،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی،٢٠٠١ ٠

٤. دیوانی کانی، چاپخانەی ( الحوادپ) بەغدا ١٩٧٨.

٥. ڕێزان عیمان مصگفی, بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی لە باشووری کوردستانداسالی( ١٩٨٥ — ١٩٩٠) , چاپی یەکەم,لەبلاۆکراوەکانی ئەکادیمیای کورد, هەولێر, ٢٠١٠.

٦. سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی ، بنیاتی گێڕانەوە لەداستانی (مەم و زین) ی احمد خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ی بەختیار علی دا ، دەزگای توێژینەوەو بلاۆکراوەکانی موکریانی ، چاپی یەکەم ، دهۆك ، ٢٠٠٩.

٧. عەبدوڵلاّ ڕەحمان، شیعری شانۆی لە ئەدەبی کوردیدا باشوری کوردستان ١٩٢٥-١٩٦١، عەولاّ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١، ل٣٢١.

٨. میران جلال محەمەد, بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا, چاپی یەکەم, چاپخانەی ڕەنج, سلێمانی, ٢٠٠٩.

٩. نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی ,بنیاتی کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا( ژانی گەل, شار, ڕاز)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم,سلێمانی, ٢٠٠٤.

١٠. هەژار موکریانی ، فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە (کوردی — فارسی) ، چاپخانەی أنتیشارات ، چاپی شەشەم ،تاران ،١٣٣٨


### ب ـ گۆڤار :


١١. حوسێن سابیر عەلی، بینای رووداو لە رۆمانی مۆسیفای مەرگی ناوەختەدا، گۆڤاری رامان، خولی سێیەم، ساڵی دوازدە ژمارە ١٢٥ تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧ .

ج ـ نامەی ئەکادیمی

١٢. ٠ ئیبراهیم قادر محمد, لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لەباشوری کوردستاندا ١٩٧٠ – ١٩٨٠ , نامەی دکتۆرا, کۆلیجی ئاداب, زانکۆی سەلاّحەدین, هەولێر,

١٣. پەری ساڵح حەمید موفتی ، گێڕانەوە لەکۆ چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد اسماعیل ، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاّحەدین کۆلیژی ئاداب، هەولێر ،٢٠١١

١٤. کارزان محسین قادر , سیما تازەکانی ڕۆمانی کوردی لەسالأنی ١٩٩١ – ٢٠٠٠, نامەی ماستەر, , کۆلێجی زمان, زانکۆی سەلاّحەدین,هەولێر, ٢٠٠٩ .

**ملخص البحث**

السرد واحد من الفنون العصرية في هذا القرن من الأنسانية، وله مكانة واضحة و مرئية. ومما لاشك فيه اِن السرد شغل مساحةً واسعةً من فنون القصة و الرواية و الملحمة و المسرح و الرواية الشعرية و نثرها، خاصةً في القصة والرواية حيثُ شغلت لها أرضية خصبةً و مُلائمة في العمل والحركة و مع ذلك نرى اِن بعضاً من عناصر السرد لها وجودٌ في الشعر، وغالباً ما نرى اِن كثيراً من الشعراء لجأوا اِلى هذا الفن من حيث التكنيك و الهيئة و البناء واستفادوا منها كثيراً.

علاوة على ذلك نرى في النصوص الشعرية للشعراء يوجد عُنصر، و انواع السرد أصبحت البؤرة و المحصلة الرئيسية من مكونات النص الشعري.

في هذا البحث نحاول أن نشرح مكانة و مكان السرد من حيث المعنى و المفهوم ونستعرض عنصراً مهماً للسرد حيث ورد في جزء من أشعار الشاعر(كاني) و نسلط الضوء على محاولات هذا الشاعر و اِستفادته من فن السرد و نوضحه.

## Abstract

One narrative of modern art in this century of humanity, and has the status of a clear and visible. There is no doubt that the narrative filled a large area of arts story and the novel and epic, theater, narrative poetry and prose, especially in the story and the novel where she held her ground floor and convenient to work and movement and with this we see that some of the narrative elements have a presence in the hair and often see that a lot of poets resorted to this art in terms of technique and body construction and benefited from it so much.

Moreover we see in poetic texts of poets There element, and types of narrative has become the focus and the main outcome of the poetic text components. In this paper, we try to explain the status and place of narrative in terms of meaning and concept and we review an important element of the narrative, as stated in a part of the poetry of the poet (Kany) and highlight the attempts of this poet and benefit from the art of narrative and clarify it.